

# زانیاری بۆ ئەو کەسانەی بەدوای پاراستنی نێودەوڵەتی (یان پەنابەری) دا دەگەڕێن لە کۆماری کرواتیا

KURDISH
SORANI



## ولاتی کرواتیا دەتوانێت چ جۆرە پاراستنێکی نێودەوڵەتیم (پەنابەری) پێشکەش بکات؟

ئەگەر لەولاتی کرواتیایایت وپێویستت بە پاراستنە (واتە داوای پەنابەری)، چونکە لە وڵاتەکەت مەترسی لەسەر ژیانت هەیە، دەکرێت مافی پەنابەریت بدرێتیێ. دەبێت مەترسیەکە پەیوەندی بە یەکێک لەم هۆکارانەوە بێت، رەچەڵەک، ئاین، نەتەوە/ئەتنیک، هۆکار یاخود گروپێکی کۆمەڵایەتی (هاوڕەگەزبای؛ دوڕەگەزباز؛ ڕەگەزگۆڕاو- کەسێک ڕەگەزی خۆی گۆڕیبێت؛ جۆرەکانی تری هۆکاری جێندەری یاخود ڕەگەزی، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕزگاربوی دەستی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هتد.)، یان لەسەر بیروڕایەکی سیاسی تایبەت. گەر مەرجەکانی داواکردنی مافی پەناخوازیت تێدانەبوو، هێشتا دەکرێت مافی پاراستنی لاوەکی یان فەرعیت بدرێتیێ گەر هاتوو نەتتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت لەبەر هەڕەشەی سزای مردن، لەسێدارەدان، ئەشکەجەندەدان، مامەڵەی نامرۆڤانە و بێکەرامەتی پێکردن و سزادان، یاخود توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی لەبەر ململانێی چەکداری لە وڵاتەکەت.



**دۆخی ئابوری خراب یان بێکاری لە وڵاتەکەت نابنە هۆکار بۆ وەرگرتنی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی یاخود پەنابەرێتی.**



## یەکەم شت چی بکەم؟ نیەتی خۆت بۆ داواکردنی مافی پاراستن/پەنابەری ڕونبکەرەوە بۆ دەسەڵاتداران

- دەستبەجێ یان بەزوترین کات لەگەڵ گەیشتنت بە کرواتیا داوای مافی پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەری بکە. بۆ نمونە، لە سنور، بنکەی پۆلیس، یاخود یەکەم ئەفسەری پۆلیس کە چاوت پێی دەکەوێت لە حاڵەتێکدا لە سەنتەری پێشوازی بیانییەکان دەستبەسەر کرابویت.

- دەتوانیت داوای مافی پاراستن/پەنابەری بکەیت لە کاتی پەڕینەوە لە سنور بە نایاسایی، یاخود مانەوە لە کرواتیا بە نایاسایی.

- لە کاتی هەر چاوپێکەوتنێک مافی تەرجەمە/وەرگێڕت هەیە، کە ڕەنگە بەشێوەی کەسی بێت یان لەڕێگای تەلەفۆنەوە. دودڵ مەبە لەم داواکارییە.

- ڕونبیکەرەوە کە پێویستت بە پاراستن هەیە، کە ترست هەیە لە گەڕانەوەت لەبەر هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانت لە وڵاتەکەی خۆت. ئەشتوانیت ئەمە لەسەر پەڕەیەک بنوسیتەوە بە هەر زمانێک و بیدەیتە دەست ئەفسەری پۆلیس.

- گەر تەمەنت لەخوار ١٨ساڵیەوەیە و بە تەنیا گەیشتویتە کرواتیا، هانتاندەدەین کە دەستبەجێ پۆلیس ئاگادارکەنەوە (گەر لە سنوری یان لە بنکەی پۆلیس)، یاخود هەر کارمەندێکی تر (بۆ نمونە، گەر دەستبەسەرکراوی یان لە بەندیخانە، پشکێنەر/موشریف، یان ئەو کارمەندەی کار لەسەر حالەتەکەت دەکات)، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیارێکی تایبەت بۆ پشتگیریکردن لە کەیسەکەت دیاریبکرێت. ئەو سەرپەرشتیارە تایبەتە پارێزگاری لە مافەکانت دەکات لە کاتی بەڕێوەچونی کارە ئیدارییەکان.

- ئەگەر بە بەڵگەنامەی ساختە یان بەڵگەنامەی کەسێکی ترەوە چویتە کرواتیا، بە ئاشکرا ئەوە بڵێ و هۆکارەکەی ڕونبکەرەوە. ئەمەش نابێتە ڕێگر لە وەرگرتنی پاراستنی نێودەوڵەوەتی/پەنابەری. ئەگەر بەڵگەنامە یان ناسنامەی خۆتت پێبوو، نیشانی بدە.

- ئەگەر تۆیان بردە دادگا دوپاتی بکەرەوە کە تۆ داوای پاراستن یاخود پەنابەری دەکەیت و داوا بکە کە ئەمە لە تۆمارەکانی دادگادا ئاماژەی پێبدرێت.

- دوای ئەوە ڕاتگەیاند پێویستت بە پاراستن/ پەنابەری هەیە، پەنجەمۆرت لێوەردەگیرێت، ئەگەر تەمەنت لە ١٤ ساڵ زیاتر بوو. پاشان وێنەت دەگرن. وادەیەک بۆ دیاریدەکرێت بۆ سەردانکردنی ناوەندی پێشکەشکردنی داواکاری پاراستن یان پەنابەری کە لەشاری زاگرێبە و بە پۆرین Porin ناسراوە، لەگەڵ کوتینا Kutina.

- ئەگەر داواکاری پاراستن یان پەنابەریت هەبوو لە یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاگرتن لە جێزێڤۆ، تۆڤرانیک، یان تریلژ Jezevo, Tovranik, Trilj ئەوا پەیوەندی بکە بە «پشکنەرەکەتەوە». وەک لەسەرەوە باسمان کرد، دەتوانیت بە نوسراویش بڵێیت کە تۆ بەدوای پاراستن/پەنابەریدا دەگەڕێیت بەهەر زمانێک کە خۆت دەتەوێت.

- ئەفسەری پۆلیس دەبێت زانیاری تەواوت بداتێ بەنوسین سەبارەت بە ڕێکاری پاراستنی نێودەوڵەتی یان پەنابەری. ئەگەر ئەمە ڕوون نەبوو، دەتوانیت پرسیار بکەیت یان پەیوەندی بە یەکێک لەو ڕێکخراوانەوە بکەیت کە هاوکاری لەم بوارەدا پیشکەش دەکەن و لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە.

## دواتر چی ڕوودەدات؟ دەتوانیت دەستبکەیت بە پڕکردنەوەی داواکاری پەنابەری/پاراستن.

- دوای نیشتەجێبونت لە یەکێک لە ناوەندەکانی پێشوازی پەنابەران، بانگهێشت دەکرێیت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆی کرواتی، بە ئامادەبوونی وەرگێڕێک. لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا داواکاریەکەتت بۆ پاراستنی نێودەوڵیتی/پەنابەری تۆماردەکرێت بە شێوەی زارەکی. تەنها لە بارودۆخێکی تایبەتدا یان نائاساییدا دەتوانی بە نووسین ئەم داواکارییە پێشکەش بکەیت.

- ئەوەندەی بکرێت و بۆ دڵنیابوون لە ئاسوودەییت، دەتوانیت داوابکەیت کە کارمەندەکە و وەرگێڕەکە دەبێت لە هەمان ڕەگەزی خۆت بن.

ئەگەر ئەمەت بۆ دابین نەکرا و ئاسوودە نەبوویت بە قسەکردن لەگەل کارمەند لەڕگەزی بەرامبەر، دەتوانیت نیگەرانی خۆت بە وەزارەی ناوخۆ ڕابگەیەنیت.

- کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ داوات لێدەکات زانیاری کەسی خۆت بخەیتە ڕوو لەگەڵ وردەکاری ڕێگای گەیشتنت بە کرواتیا و هۆکارەکانی داواکاری پەنابەری. ئەگەر پرسیارێک ڕوون نەبوو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر بکە.
- گرنگە هاوکاربیت لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان لە هەموو قۆناغەکانی پێشکەشکردنی کەیسەکەت.
- گرنگە زانیارییەکانت دروست بن بە باشترین شێوە هەموو ئەو هۆکارانە باس بکەیت کە بەهۆیانەوە وڵاتەکەی خۆتت جێهێشتووە و لە کرواتیا داوای مافی پەنابەریت کردووە. پێدانی زانیار هەڵە یان ناڕێک لەوانەیە ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت.
- هەموو ئەو بەڵگەنامە گرنگانە پێشکەشک بکە کە پێتانە. ئەگەر هیچ بەڵگەنامەیەکت پێ نەبوو، هۆکارەکەی ڕوونبکەرەوە.
- ئەگەر جگە لەو هۆکارانەی کە بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانت، هۆکاری تر هەبوون بۆ دروستکردنی ترس و مەترسی لەبەردەم گەڕانەوەت بۆ وڵاتەکەت، ئاماژەیان پێ بکە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەت.
- دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، وەزارەتی ناوخۆ بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئایا وڵاتی کرواتیا بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکەت، بەگوێرەی پرۆسەی دبلن.
- ئەگەر دەرکەوت کرواتیا بەرپرسیارە لە کەیسەکەت، ئەوا دەبێت تا ٦ مانگ چاوەڕێی بڕیاردان بیت، لەو بەروارەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆی دەرکەوتووە کە کەیسەکەت لەژێر بڕیاری وڵاتی کرواتیایە.
- ئەگەر لە ماوەی ٦ مانگدا نەکرا وەڵامت بدەنەوە، ئەوا ئاگادار دەکرێیتەوە کە چەند کاتی تر لەوانەیە پێویست بێت بۆ بڕیاردان لەسەر کەیسەکەت. بەپێی یاساکانی کرواتیا و یەکێتی ئەوروپا دەبێت بڕیاردان لە ٢١ مانگ زیاتری پێ نەچێت.
- بڕیارەکە دەکرێت ئەرێنی بێت (بەخشینی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی)، یانیش نەرێنی بێت (ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت بۆ مافی پاراستن یان پەنابەری).

## پرۆسەی دبلن چییە؟ ئەو سیستمەیە کە لێوەی بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت لە چ وڵاتێکی ئەورووپی بڕیار لەسەر کەیسەکەت دەدرێت.

لە چەند حاڵەتێکدا، وڵاتێکی تر لە یەکێتی ئەوروپا یان ئایرلەند، لیستێنستین، نەرویج، یان سویسرا بەرپرسیار دەبن لە کارکردن و بڕیاردان لە کەیسەکەت نەوەک کرواتیا، لەو حاڵەتانەش::

- ئەگەر منداڵ بیت، واتە تەمەنت لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت و ئەندامێکی خێزانەکەت لە یەکێک لەو دەوڵاتەن بێت کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا. (بۆ نمونە، باوک/دایک/خوشک/برا، خاڵ/مام/پور/، باپیر/داپیر-نەنک).
- ئەگەر کەسێکی پێگەیستوویت (لە سەرووی ١٨ ساڵیەوە) و ئەندامێکی خێزانەکەت دانیشتووی یەکێک لەو دەوڵەتانە  بێت کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا (بۆ نمونە، هاوسەر/ژن/مێرد/، بۆ هەندێک وڵاتیش هاوسەری ژیان یاخود منداڵی خوار ١٨ ساڵ کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردبێت). بە مەرجێک ئەو کەسانە ئەندامی خێزانەکەت بووبن پێش ئەوەی وڵاتەکەی خۆت جێهێشتبێت.
- ئەگەر ئیقامەی کار یاخود ڤیزای یەکێک لەو وڵاتانەت پێبێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان.
- ئەگەر پێشتر داوای مافی پاراستن یاخود پەنابەریت کردبێت لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان (ئەمەش لە ڕێگای پەنجەمۆرەوە دەردەکەوێت).
- ئەگەر داوای مافی پاراستن یان پەنابەریت نەکردبێت بەڵام پەنجەمۆرت لێ وەرگیرابێت لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان.
- ئەگەر بەڵگە بەردەستبوو کە تۆ لەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان ژیابیت یان گەشتت کردبێت، تەنانەت ئەگەر پەنجەمۆریشت لێ وەرنەگیرابێت.

ئەگەر دەرکەوت کرواتیا بەرپرس نییە لە داواکاریەکەت، بڕیارێکت بە نوسراو دەدرێتێ و دەگوازرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەرپرسە لە کەیسەکەت. ئەم پرۆسەیە لەوانەیە ماوەیەک بخایەنێت، بۆیە پێویستە پشوو درێژ بیت.



**ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت لە یەکێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بوو، دەتوانی داوای گەیشتنەوە بەو ئەندامەی خێزانەکەت بکەیت، ئەمەش کاتی دەوێت و پێویستە پشوو درێژ بیت.**

## دوای پێشکەشکردنی داواکاری بۆ چاوپێکەوتن، چی ڕوودەدات؟ چاوپێکەوتنی دووەم ڕێکدەخرێت و تێیدا بڕیار لەسەر کەیسەکەت دەدرێت.

- ئەگەر هاتوو دەرکەوت کە کرواتیا بەرپرسە لە داواکاریەکەت، بەپێی ڕێساکانی دبلن، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، بانگهێشت دەکرێیت بۆ چاوپێکەوتنێکی گرنگ.
- جارێکی تر کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ گوێ بۆ کەیسەکەت دەگرێت بە هەموو وردەکارییەکانەوە، بە ئامادەبوونی وەرگێڕێک.
- بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەست بە ئارامی دەکەیت لەکاتی چاوپێکەوتنەکەت، ئەگەر لەبەردەست بوو، هەوڵدەدرێت هەم کارمەندەکە و هەمیش وەرگێڕەکە لە هەمان ڕەگەزی خۆت بن. ئەگەر ئەمە بۆ تۆ زۆر گرنگ بوو بەڵام لەبەردەست نەبوو، دەتوانیت وەزارەتی ناوخۆ یاخود کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەیتەوە.
- پێویستە خۆت بە کەسی/حازری لەم چاوپێکەوتنەدا ئامادە بیت، چ نوێنەری یاسایت هەبێت یان نا.
- ئەگەر نوێنەری یاسایت هەبوو، دەتوانێت لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بێت.
- چاوپێکەوتنەکە لەوانەیە چەند کاتژمێرێکی پێ بچێت.
- لەوانەیە چاوپێکەوتنەکەت تۆماربکرێت چ لەڕێگەی ئامێری دەنگی یان بینراو/وێنە. پێش چاوپێکەوتنەکە لەم بابەتە ئاگادار دەکرێیتەوە.
- هەندێک پێشکەشکار لەوانەیە بانگهێشت بکرێنەوە بۆ چاوپێکەوتنی زیاتر.



## پێویستە چی لەبارەی چاوپێکەوتنەوە بزانم؟ پێویستە هەموو وردەکارییە گرنگەکان بە ڕاستیەوە بخەیتە ڕوو.

- لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکە، کارمەندەکە باسی پرۆسەی چاوپێکەوتنەکەت بۆ ڕووندەکاتەوە.
- کارمەندەکە پرسیارت دەربارەی وڵاتەکەتەوە لێدەکات، چی ڕویداوە، چی ڕوودەدات، دوایی وردەکاری زیاترت لێدەپرسێت لەسەر ئەو زانیاریانەی کە لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا پێشکەشت کردوون وەک بەشێک لە پێشکەشکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەرێتی.
- پێویستە ئاماژە بە هەموو ئەو شتانەبکەیت کە بۆ کەیسەکەت گرنگن، لەوانەش بۆ لە وڵاتی خۆت هەڵهاتویت، لەبەر چ ترسێک یان فاکتەرێکی ترس و لەلایەن چ لایەنێکەوە.
- هەموو ئەو زانیارییانەی دەیخەیتە ڕوو پارێزراو دەبن، بە زانیاری کەسیشتەوە. زانیارییەکەت نادرێت بە هیچ لایەنێک، بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی خۆشتەوە.
- ئەگەر نەتتوانی هەندێک وردەکاریت بیر بێتەوە، وەکو کات و بەروار و شوێن، هیچ قەلەق مەبە. ڕاستیەکان بڵێ، و زانیاری نادروست مەڵێ. گەر لە بابەتێک دڵنیا نەبویت دەتوانیت بڵێی کە بیرت نایەتەوە.
- ئەگەر پێتکرا، بۆ چاوپێکەوتنەکە ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆت بێنە کە بەسوودن بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکارییەکەت یاخود ئەو هۆکارانەی/ ترسانەی لە وڵاتەکەت کە لەبەریان هەڵهاتووی، پێشتر کۆپیەکانیان ئامادەبکە. بۆ نمونە، ئاگادارکردنەوەی پۆلیس، بڕیار، نامەی هەڕەشە، سەلماندنی بەندکردن، ڕاپۆرتی پزیشکی، بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە، وێنە، هتد،.
- ئەگەر هیچ بەڵگەنامەیەکت پێ نەبوو بۆ پشتڕاستکردنەوەی شوناست، یان ئەگەر بەڵگەنامەی کەسێکی ترت بەکارهێنابوو بۆ لە کاتی گەشتەکەت/هەلهاتنەکەت، هۆکارەکەی ڕوونبکەرەوە. کارمەندەکە تەماشای هەموو ئەو بەڵگەنامە دەکات کە تۆ پێشکەشیان دەکەیت.
- ئەگەر لە هەر شتێک تێنەگەیشتی، دوودڵ مەبە لە داواکردن بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر.
- ئەگەر هەستت بە ماندووبوون یان دڵناڕەحەتبوون کرد، دەتوانیت داوای پشوویەکی کورت بکەیت لەکاتی چاوپێکەوتنەکە.

• لەوانەیە پرسیارگەلێکت لێ بکرێن کە زەحمەت بێت یان شەرمبگریت وەڵامیان بدەیتەوە. دەتوانیت بڵێیت بە کارمەندەکە کە حەزناکەیت وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدەیتەوە، بەڵام بزانە کە وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەش لەوانەیە یارمەتی کارمەندەکە بدەن بڕیار لەسەر داواکاریەکەت بدات. هەموو زانیارییەکان بە نهێنی و پارێزراوی دەمێننەوە.
• لەوانەیە پشکنینی پزیشکیش ئەنجامبدرێت، لەسەر ڕەزامەندی خۆت، بۆ گەڕان بەدوای ئاماژەی یاخود نیشانەی لێدان یان زیانپێگەیشتن بەهۆی ئەو ترسەی کە لەسەر ژیانت دروست بووە لە وڵاتەکەت.
• ئەگەر هاتوو نەتوانرا ناسنامەت یان وڵاتی ئەسڵیت دەستنیشانبکرێت، لەوانەیە بپشکێنرێیت، لەوانەش پشکنینی مۆبایلەکەت یان کۆمپیوتەرکەت.
• لە کۆتاییدا، کارمەندەکە یاداشتنامەی چاوپێکەوتنەکەت بۆ دەخوێنێتەوە، بە هاوکاری وەرگێڕەکە. ئەگەر تێبینیت کرد کەوا شتێک وەکو خۆی بە دروستی تۆمارنەکراوە، دەتوانی دەمودەست بە کارمەندەکە بڵێیت، ئەویش ڕاستی دەکاتەوە. پاشان داوات لێدەکرێت یاداشتی چاوپێکەوتنەکە ئیمزا بکەیت. پاش ئیمزاکردنی، ئیتر مانای ئەوەیە ئەو زانیاریە هەمان ئەوەیە لەکاتی چاوپێکەوتنەکە پێشکەشت کردووە، وەکو خۆی.
• ئەگەر هەستت کرد وەرگێڕەکە وەکو خۆی پەیامەکە ناگەنەێت و یاخود لە هەڵسوکەوتی کارمەندەکە ناڕازی بووی، دوودڵ مەبە لە دەربڕینی ناڕەزایەتی و داوای وەرگێڕ یان کارمەندی تر بکە، بەڵام دەبێت هۆکارت هەبێت بۆ داواکاریەکەت.
• ئەگەر هاتوو نەخۆش بویت یانیش لەبەر هەر هۆکارێکی تر نەتتوانی ئامادەی چاوپیککەوتنەکە بیت، دەبێت دەستبەجێ کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەیتەوە، زانیارییەکانی لە نامەی داوەتنامەی چاوپێکەوتنەکە هەیە. ئەگەر هاتوو لەماوەی ٢ ڕۆژدا، لە بەرواری دانراوی چاوپێکەوتنەکەوە، نەتتوانی هۆکاری ئامادەنەبوونەکەت پێشکەشبکەیت، ئەوا پرۆسەکە کۆتایی پێدێت، ئەمەش مانای ئەوەیە تەواوی مافەکانی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەری لەدەستدەدەیت.



**گرنگە کە ڕاستیەکان بڵێیت، هەر ناڕێکییەک لە وتەکانتا هەبوو ڕونکردنەوەی پێویست بدە و بە وردی و ئەوەندەی پێتکرا ڕوونی بکەرەوە کە بۆچی وڵاتەکە جێهێشتووە.**

## ئایا مافی هاوکاری یاساییم هەیە؟ بەڵێ

- کاتێک نیازی خۆت بۆ گەڕان بەدوای پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەریدا ئاشکرادەکەیت، ئەو کارمەندەی کە ئامادەیە پێویستە لەسەری تەواوی زانیارییەکانت بداتێ لەسەر پرۆسەکە. هەروەها لەکاتی چاوپێکەوتنی یەکەمدا تەواوی وردەکارییەکانت دەخرێتە بەردەست، کە لەڕێگایەوە داواکارییەکەت بۆ پاراستن یاخود پەنابەرێتی پێشکەشدەکرێت.
- هەموو پێشکەشکاران مافی ئەوەیان هەیە زانیاری یاساییان بدرێتێ لەسەر حاڵەتەکەیان، بۆ نمونە کەیسەکەیان بە چ قۆناغێک گەیشتووە. دەتوانیت داوای ئەم زانیارییە بکەیت لە کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ.
- دەشتوانیت پارێزەری خۆت بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنی لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشکەشکردنی داواکارییەکەتە، بەڵام لەسەر حسابی خۆت، واتە خۆت پارەی پارێزەری تایبەت دەدەیت.
- داواکارییەکەت دەکرێت ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، یان ڕەدبکرێتەوە یانیش بەلاوە بنرێت. ئەگەر هاتوو داواکارییەکەت ڕەدکرایەوە، مافی راوێژ و هاوکاری یاساییت هەیە بەبێ بەرامبەر بۆ تانەدان لە پێش دادگای ئیداری. ئەگەر داواکارییەکەت بەلاوە نرا، دیسان دەتوانی داوای هاوکاری ڕاوێژی یاسایی بکەیت بەبێ بەرامبەر. لەگەڵ دەرچونی پریارەکە کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ هەموو ئەم زانیاریانەت دەداتێ.
- لەگەڵ پێدانەوەی پریاری ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت، ناو و ژمارە تەلەفۆنی ئەو پارێزەرانەت دەدرێتێ کە بە خۆبەخشانە ئامادەی پێشکەشکردنی راوێژ و هاوکاری یاساییین.
- لەپاڵ هاوکاری حکومەت، ڕێکخراوی ناحکومیش هەن NGOs کە هاوکاری و راوێژی یاسایی پێشکەشدەکەن بەبێ بەرامبەر لەسەر پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری. لەوانەش ڕێکخراوی سەنتەری یاسایی کرواتیا
- Croatian Law Centre (Hrvatski pravni centar) ژمارەی پەیوەندییان لەخوارەوە دانراوە.





## لەکاتی چاوەڕوانیکردن تا دەرچونی بڕیار لەسەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەری، ئایا هیچ ئەرک و مافێکم هەیە؟ بەڵێ

- ئەگەر نەخۆشیەکی جدیت هەبوو، مافی هاوکاری پزیشکیت هەیە. منداڵان مافی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندییان هەیە. مافی ئەوەت هەیە مومارەسەی ئاینی خۆت بکەیت بەبێ تێکدانی ئارامی و ئاشتی خەڵکانی دیکە.
- ٣ مانگ پاش پێشکەشکردنی داواکاری پاراستن یان پەنابەری مافی کارکردنت هەیە، ئەگەر هاتوو وەزارەتی ناوخۆ تا ئەوکات (واتە تا ٣ مانگ) وەڵامی داواکاریەکەتی نەدایەوە. بەمەرجێک دواکەوتنی بڕیارەکە پەیوەندی بەهەڵسوکەوتی خۆتەوە نەبوبێت.
- مافی ئەوەت هەیە بە ئازادی لەناو وڵاتی کرواتیا بگەڕێی. لەکاتی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت بۆ پەنابەری سنوری کرواتیا جێمەهێڵە.
- پێویستە پابەند بیت بە یاساکانی کرواتیاوە، لەگەڵ ڕێنماییەکانی سەنتەری پێشوازیکردن ئەگەر هاتوو لەوێ دانیشتیت یان مایتەوە.
- لەکاتی گۆڕانکاری ناونیشان/ئەدرێس یاخود شوێنی مانەوەت پێویستە لەماوەی ٢ ڕۆژدا دەسەڵاتداران ئاگادار کەیتەوە.



**داوابکە لە کاربەدەستێک یا وردەکاری ئەم زانیاریانەت بداتێ لەسەر ئەم مافانە.**



## لەکوێ بمێنمەوە تاوەکو بڕیار لەسەر داواکارییەکەم دەردەچێت؟ لە سەنتەری پێشوازیکردنی ئەو کەسانەی کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەری دەکەن.

- وەک داواکرێکی پاراستنی نێوەدەوڵەتی/پەنابەری، شوێنی مانەوەت لە سەنتەری پێشوازیکردن بۆ دابینکدەکرێت بەبێ بەرامبەر، لەگەڵ ٣ ژەمی بێبەرامبەر، کەلوپەلی پاکوخاوێنی و هاوکارییەکی ماددی کەم. ئەگەر پێویستی کرد، لەوانەیە جل و بەرگ و پێڵاویشت بدرێتێ. دوو لەم

سەنتەرانە هەیە، یەکێکیان لە زاگرێبە (زۆرجار پێی دەڵێن Porin)، لەگەڵ کوتینا Kutina.

- لە سەنتەری پێشوازیکردن،دەکرێت بەچەند کەسێکەوە لەهەمان ژەگەزی خۆت ژورێک وەربگرن. ئەگەر لەگەڵ ئەندامانی خێزانت بیت دەکرێت هەر پێکەوەش دابنرێن یان هەر پێکەوە بمێننەوە.
  پێەویستە ڕێز لەوانی تر بگریت، پابەند بیت بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی ناو سەنتەرەوە.
- لەکاتی ئێوارادا کە لەلایەن سەنتەروە دیاریکراوە، پێویستە لەناو سەنتەر بمێنیتەوە، بێجگە لەو حاڵەتانەی کە لەلایەن کارمەندەکانی MUP ڕەزامەندیان لەسەر دراوە.
- ئەگەر هاتوو ویستت لە سەنتەر بچیتە دەرەوە، پێویستە یەکێک لە کارمەندەکانی MUP ئاگاداربکەیتەوە.
- ئەگەر سەرچاوەی داراییت هەبوو، پێویستە کرێی شوێنەکەت لە سەنتەر بدەیت ئەگەر داوات لێکرا، یاخود مۆڵەتی رەسمی وەرگرە بۆ ئەوەی لەشوێنی تایبەتی خۆت دابنیشیت لە دەرەوەی سەنتەر.
- ئەگەر هاتوو لە شوێنی مانەوەی تایبەت دانیشتیت لە دەرەوەی سەنتەر، پێویستە دڵنیابیت لەوەی کە دەکرێت پەیوەندیت پێوەبکرێت هەر کات پێویست بوو و ئەدرەسی خۆی بدەیت بە کارمەندەکانی MUP. ناو و نازناوی خۆت لەسەر سندوقی بەرید/پۆستەکە دابنێ. ئەگەر هاتوو نەتوانرا پەیوەندیت پێوە بکرێت و ژمارە و ئەدرەست لەبەردەست نەبوو، ئەوا وا دادەنرێت کە وڵاتی کرواتیات جێهێشتووە، و بەم شێوەیەش داواکارییەکەت بۆ مافی پاراستن و پەنابەری دادەخرێت.



**وەکو داواکرێکی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی، مافی ئەوەت هەیە لە کرواتیا بمێنیتەوە و بە ئازادی هاتووچۆ بکەیت. بەڵام ئەگەر لە سەنتەری پێشوازیکردن دانیشتیت، پێویستە ڕێز لە یاساکانی سەنتەر بگریت. لەکاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت لە کرواتیا دەرمەچۆ چونکە لەم حاڵەتەدا دەکرێت ڕوبەڕو سزا ببیتەوە لەوانەش سنورداركردنی ئازادی هاتووچۆت.**

## بۆچی من لە سەنتەری پێشوازیکردنی بیانییەکان دەستبەسەرکراوم؟ چونکە بە بڕیار ئازادی هاتوچۆت سنوردارکراوە.

- لەوانەیە چەند هۆکارێک هەبن بۆ بەندکردنت لە سەنتەرەکانی جێزێڤۆ، تۆڤارنیک، یان تریلج.

- بەگوێرەی یاساکانی کرواتیا، ئەو کەسانەی کە داوای مافی پاراستنی نێودەوڵەتی/ پەنابەری دەکەن دەکرێت دەستبەسەربکرێن ئەگەر هاتوو یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕویدا:

- ئەوانەی داوای پاراستنی نێودەوڵەتی/پەنابەری دەکەن پاش دەستگیرکردنیان و لەکاتی بەزۆر ناردنەوەیان (دیپۆرتکردنەوەیان) لە کرواتیاوە، دەکرێت بە دەستبەسەری بمێننەوە لەکاتی بەڕێوەچونی داواکارییەکەیان.

- دەسەڵاتدارانی کرواتیا دەتوانن داواکارەکە ڕابگرن ئەگەر پڕوایان وابێت لەوانەیە مەترسی چونەدەرەوەی لە کرواتیا هەبێت بە نایاسایی. بۆ نمونە، ئەگەر داواکارەکە پێشتر هەوڵی لەو جۆرەی دابێت پێش تەواوبوونی داواکارییەکەی.

- داواکارەکە دەکرێت ڕابگیرێت ئەگەر پێویست بوو بۆ ئاشکراکردنی ناسنامە و وڵاتەکەی، یاخود هەر ڕاستیەکی تری پەیوەست بە داواکارییەکەی.

- داواکار دەکرێت ڕابگیرێت لەبەر هۆکاری ئەمنی یاخود تێکدانی ئاسایش؛ بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، یانیش بەرگرتن لە دروستکردنی مەترسی لەسەر گیان و موڵکی ئەوانی تر.

- مافی تانەدانت هەیە لەپێش دادگای ئیداری بەبێ بەرامبەر، بۆ ئەوەی دادگا دڵنیابێتەوە کەوا ڕاگیرانەکەت بەگوێرەی یاسایە. ئەو کارمەندەی پڕیاری ڕاگیرانەکەت ڕادەست دەکات لیستی ژمارەیەک پارێزەرت دەداتێ کە ئامادەن بەبێ بەرامبەر هاوکاریت بکەن.



**دەتوانیت داوای وردەکاری ڕاگیرانەکەت و هۆکارەکانی بکەیت لەو کارمەندەی MUP کە بڕیاری ڕاگیرانەکەت دەداتە دەست. بەهەمان شێوە هەمان مافت هەیە ئەگەر هاتوو ئازادی هاتوچۆیان سنوردارکردبیت. مافی ئەوەشت هەیە کە وێنەیەکی بڕیارەکەت بدەنەوە کە لەڕێگایەوە ئازادی هاتوچۆت سنوردارکراوە.**



## چی دەکرێت ئەگەر هاتوو بڕیارەکە نەرێنی بوو و داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی (پەنابەری) ڕەدکرابوویەوە؟ دەتوانی تانە لە بڕیارەکە بدەیت.

- هەر بڕیارێکی ڕەفز/نەرێنی هەموو ڕێووشوێنەکانی تانەدانی تێدا ڕوونکراونەتەوە لەگەڵ کاتی دیاریکراودا بۆ تانەدان لە بڕیارەکە لەڕێگای دادگای ئیدارییەوە، بۆ داواکردن بە پێداچوونەوە.

- ئەگەر تانەت لە بڕیارە نەرێنییەکە (ڕەفزەکە) نەدا، یاخود تانەکەت ڕەتکرایەوە ئەوا دەبێت وڵاتی کرواتیا جێبهێڵیت، یانیش دەستبەسەر بکرێیت بۆ مانەوەی نایاسایی، یان لە سەنتەری پێشوازی بیانییەکان دەستبەسەر بکرێیت تاوەکو دیپۆرتدەکرێیتەوە.



**ئاگاداربە هەندێک جار کاتی تانەدان لە بڕیاری ڕەفز زۆر کەمە، دەبێت بەپەلە داوای هاوکاری یاسایی بکەیت.**

## چی بکەم ئەگەر بڕیاری پاراستن/پەنابەریم ئەرێنی یاخود پۆزەتیڤ بو؟

- بەفەرمی ڕێگات پێدەدرێت لە کرواتیا بمێنیتەوە و مافی زیاتریشت پێدەدرێت.
- لەو مافانەش: مافی کارکردن، پاراستنی تەندروستی، خوێندن، و زۆر بواری تری ژیان.



**ئەگەر مافی پاراستن یان پەنابەریت وەرگرت (پەنابەری یانیش لاوەکی)، سەرجەم وردەکاریی و زانیارییەکانی پەیوەست بە ماف و ئەرکەکانت دەدرێتێ لەلایەن کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆوە لەگەڵ نامیلکەیەک کە هەموو زانیارییە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیان لە کرواتیا تێدایە.**



# لەکوێ دەتوانم هاوکاری و زانیاری زیاتر دەستکەوێت؟

ئەگەر پێویستت بە هاوکاری و زانیاری زیاتر بوو سەبارەت بەو بابەتانەی لێرەدا باسکراون دەتوانیت پەیوەندی بە کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکەیت، یاخود ڕێکخراوەکانی تر، کە لەبواری کاروباری پەنابەراندا کار دەکەن، لەوانەش:

کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ
پەنابەران UNHCR
Heinzelova 44, Zagreb
Tel: (00385) (01) 37-13-555
Website: https://help.unhcr.org/
/croatia
Email: HRVZA@unhcr.org

سەنتەری کرواتیا بۆ یاسا - HRVATSKI
PRAVNI CENTAR
ednjanska 8a, Zagreb
Tel: (00385) (01) 48-73-965
Website: www.hpc.hr
Email: hpc@hpc.hr

خاچی سوری کرواتیا - HRVATSKI
CRVENI KRIŽ
Ulica Crvenog križa 14/1, Zagreb
Tel: (00385) (01) 46-55-814
Website: www.hck.hr
Email: azil-migracije@hck.hr

سەنتەری توێژینەوە/دیراساتی ئاشتی -
CENTAR ZA MIROVNE STUDIJE
Selska cesta 112a, Zagreb
Tel: (00385) (01) 48-20-094
(00385) (0) 91-330-0183
Website: www.cms.hr
Email: cms@cms.hr

کلینیکی یاسایی زانکۆی زاگرێب – کۆلێژی
یاسا - PRAVNA KLINIKA PRAVNOG
FAKULTETA U ZAGREBU
Palmotićeva ulica 30, Zagreb
Tel: (00385) (01) 48-11-311;
(00385) (01) 48-11-320;
(00385) (01) 48-11-324
Website: klinika.pravo.hr
Email: klinika@pravo.hr

ژێسویت بۆ خزمەتگوزاری پەنابەران -
ISUSOVAČKA SLUŽBA ZA IZBJEGLICE
Maksimirska cesta 286, 10000 Zagreb
Tel: (00385) (0) 98-979-2298
Website: hrv.jrs.net
Email: info@jrs.hr

پرۆژەی مافە مەدەنییەکانی سیساک -
PROJEKT GRAĐANSKIH PRAVA SISAK
S. i A. Radića 6/5 (2. floor right),
44000 Sisak
Tel: (00385) (44)571 752
:Besplatni tel./free legal phone
0800 200 098
Website: www.crpsisak.hr
Email: pgp-sisak@crpsisak.hr

بێسنوور / BORDERS – NON
Josipa Seissla 68, 10000 Zagreb
WhatsApp No.:
(00385) (0)97 646 3819
Website: https://www.facebook.com/
/bordersnone
Email: hello@bordersnone.com

بۆ زانیاری و هاوکاری زیاتر دەتوانن سەردانی سەنتەرەکانی پێشوازی پەنابەران بکەن.

ئاژانسی نەتەوە یاکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ئەم ئەم نامیلکەیەی ئامادەکردووە وەکو هاوکارییەک بۆ حکومەتی کرواتیا لە پێدانی زانیاری دروست لەسەر هاتن بۆ کرواتیا و پرۆسەی داواکردنی مافی پەنابەری.